دەرمانخوارد کردنی ئۆچ ئالان، دریژەدانە بەستەمی میللی

زمناکۆ عزیز
zmnaco@yahoo.co.uk

ماوەیەك بەرلەئێستا هەواڵی دەرمانخوارد کردنی عەبدوڵا ئۆچالان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان pkk، لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە، هاوکات دەستەیەك لە پزیشك کەلەنزیکەوە لەهەواڵی دەرمانخواردکردنی سەرۆکی pkk ئاگادارن، ئەو هەواڵەیان دوپاتکردەوە کە بەمادەیەکی ژەهراوی دەرمانخوارد کراوەو توانای ژیانی بۆماوەیەکیتر نامێنێت، یان گیان لەدەست ئەدات. وە چەندین کەمپینی جۆراوجۆرو کۆکردنەوی ئیمزا وسمیناری جۆراو جۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەنجامدراوە، کەچی کاربەدەستانی تورکیا هیچ وەڵامێکیان بۆ ئەم مەسەلەیە نەبووە.
ئەم بێدەنگیەی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا لەبەرامبەر ئەم هەواڵەدا ڕاستی خودی هەواڵەکە ئەسەلمێنێت.
ئەمکردەوەیە کارێکی تیرۆریستانەیەو بەڵگەی دڕندەیی حکومەتی نەژادپەرستی تورکیایە، مەسەلەی حکومەتی تورکیاو دەستبردن بۆ کاری وەها تیرۆریستی، تەنها پەیوەندی بە ئۆچالانەوە نیە کەسەرۆکی پارتێکی بەرهەڵستکاری تورکیایە. بەڵکو ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکراو بێپەردەیە کە بۆ دەمکوتکردنی هاوڵاتیانی کوردستانی تورکیاو ڕاگرتنیان لەپلە دوویی و بەڕەسمی نەناسینی مافە سەرەتاییەکانیان ئەنجام ئەدرێت.
سەرۆکی pkk لەکردەوەیەکی هاوشێوەی ئەمەی ئێستادا بەهاوکاری دەزگای مخابراتی چەند دەوڵەتێك دەستگیر کراو تەسلیم بە دەوڵەتی تورکیا کرایەوە، کەهەر ئەوکات حزبی ئێمە(حککک) ئەو کردەوەیەی بەتیرۆریزمی نێودەوڵەتی ناوزەند کردو بەتوندی ئیدانەی ئەو کارەمان کرد، وەهەر ئەو کاتە کە هێشتا بەتەواوی هەواڵەکەش بڵاونەکرابوەوە، هەڵوێستی ئێمە تەنانەت لەهەڵوێستی خودی سەرانی pkkدروستترو واقعیتر بوو، کە ئێمە وتمان سەرانی ئینسانکوژی تورکیا بۆیان نیە دادگایی ئۆچەلان بکەن، چونکە خۆیان لیستی تاوانەکانیان و ناوی قوربانیەکانیان زۆر لەوە دریژترە کەبتوانن دادگایی کەسێکیتری پێبکەن، وە دەستبەجێ داوامان کرد کە خواستی ئازاد کردنی بێقەیدوشەرتی ئۆچەلان لەدنیادا بەرز بکرێتەوەو ئەمە بکرێتە دروشمی تەواوی لایەنگرانی ئازادی و خودی هەڵسوڕاوانی pkk. بەڵام pkk لەبەرامبەر دەستگیرکردن و فڕاندنی سەرۆکەکەیان خوزایاری دادگایکردنی عادیلانەی بوون و بەهیچ جۆرێك ناوی ئازادی و ئازاد کردنی ئەویان نەهێنا. جا بۆئەوەی جارێکیتر مەسەلەی ستەمی ملیللی و بەپلە دوو ڕاگرتنی خەڵکی کوردستانی تورکیا تێکەڵی مەسەلەکانیتر نەکرێت، بۆئەوەی کە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا دەستی وألانەبێت بە دریژەدان بەکوشتارو کردەوەی عەسکەرتاری لە ناو شارەکانی کوردستانی تورکیا، بۆئەوەی چیتر مەسەلەی کورد لەتورکیا چارەسەر بێتو جارێکیتر کەس بەهۆی کوردبوونی زمانیەوە ئیعدام یان زیندانی نەکرێت، ئەبێت کێشەی چەندین ملیۆن کەس لەکوردستانی تورکیا بەشێوەیەکی سیاسیانە چارەسەر بکرێتو مافی یەکسانی هاوڵاتیبون بۆ هەموان فەراهەم بکرێت، ئەمەش لەڕێگەی فشار هێنانەوە ئەبێت بۆسەر سەرانی لەژێر فشاردا قەرارگرتوی تورکیا کەڕێز لەماف و ئیرادەی ئینسانەکانی ئەو کۆمەڵگایە بگرێتو دەست لەسەرکوت و تیرۆرو کوشتار هەڵگرێت. ئەویش لەڕێگەی بەرزگردنەوەی خواستی ئازاد کردنی ئۆچالان و چارەسەری یەکجارەکی کێشەی کورد لەتورکیا.
بۆیە دیسان بۆ داکۆکیکردن لە ژیان و مانەوەو سەلامەتی ئەو لەزیندان، وە دواتریش بەرزکردنەوەی خواستی ئازادی بۆ ئۆچالان ناکرێت لە چوارچێوەی حزبێکی سیاسی و گروپێکی دیاریکراودا بمێنێتەوە، ئۆچەلان قوربانی تیرۆریزمی نێو دەوڵەتیەو ئەبێت ئازاد بکرێت. ئەمە ئەرکی سەرجەم ئازادیخوازان و لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤو دلّسۆزانی چەندین ملیۆن ئینسانی کوردزمانی تورکیایە. ئۆچالان لەلایەن دەسەلاّتدرانی تورکیاوە کراوەتە ڕەمزی ستەم بەرامبەر بەخەڵکی کوردستانی تورکیا، ڕەمزی ڕێگرتن لە چەندین ملیۆن ئینسان کە بە زمانی دایك قسەکردنیان لێقەدەغەکراوە، بەهۆی کوردبونیانەوە ستەمو پلەدوویان بەسەردا فەرز کراوە، لەلایەن ناسیونالیزمێکی فاشیستەوە کەئەیەوێ قڵشت بخاتە ناو دانیشتوانی وڵاتەکەو لەژێر ناوی کورد بوون و تورك بوون و شتیتردا بەرامبەر بەیەکتری ڕایانبگرێتو بەمەش دریژە بداتە حاکمیەتی ڕەشی خۆی. بۆیە سەرباری ئەوەی کە ئۆچالان مولّکی حزبێکی سیاسیە بەڵام چارەسەری کێشەو گرفتەکەی ئەرکی سەرجەم ئازادیخوازانە. وەخودی سەرانی تورکیا بەرپرسن لە تەندروستی ئۆچالان تاکاتی بەیەکجارەکی ئازاد کردنی.